بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی کوردستان لە موسڵ ئۆپراسیۆنکی سەرکەوتوویان ئەنجامدا



ئەمشەو چوارشەممە، بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی کوردستان لە راگەیاندراوەکدا بڵاویکردەوە، لە بڕدوامی هەوڵەکانمان بۆ بڕینگاربوونەوە و نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان، دوای بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاریی ورد و دواتر وەرگرتنی فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، تیمێکی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە شاری موسڵ بە هاوکاریی و هەماهنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی نینەوا لە چالاکیەکدا توانیان دوو تەنەکار کە کاری بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن دەستگیر بکەن.

ئاماژە خراوەتەروو کە لەم چالاکییەدا بڕی (11 کیلۆ و نیو) ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵ دەستی بەسەردا گیرا.